

**پرژە**

**یاریزانی تۆپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی:**

# لە ئێستادا کچان زیاتر ئارەزووی وەرزش دەکەن

یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە یارییەکانی ئافرەتان دەدات، تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان پرژە رزگارە، کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستیی کوردستان و عێراقیش خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، پرژە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری سلێمانییە و پێشتریش یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***وەك یاریزانێك ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی باڵە لە ئێستادا بەراورد بە ساڵانی پێشوو زیاتر بەرەوپێش چووە و خۆشبەختانە لە ئێستادا کچان زیاتر ئارەزووی وەرزش دەکەن، رۆژ بە رۆژ ئاستی بەشداریکردنی ئافرەتان بەرەو باشتر دەڕوات، کچان زیاتر روو لە وەرزش و بەتایبەت یاریی باڵە دەکەن.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت؟**

- بێگومان هەر پاڵەوانێتییەك کە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئێمە تایبەتمەندی و گرنگیی خۆی هەیە، تا پاڵەوانێتیی زیاتر ئەنجام بدرێ، بێگومان ئاستی یانەکان زیاتر بەرەوپێش دەچێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی یانەکان باشتر خۆیان ئامادە دەکەن، زۆریی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکانیش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەزموونی زیاتر.

***پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- باشتر وایە کە گرنگیی زیاتر بەو یارییە بدرێت، چ لەلایەنی میدیا و رۆژنامەکان، چ ئەنجامدانی زیاتری پاڵەوانێتییەکان، پێویستە لە خوێندنگەکانیش گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدرێت و پشت گوێ نەخرێت.

***گرفتی تۆپی باڵە لەچیدا دەبینی؟**

- کەمیی راهێنان و ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتییەکان و رێگریی خێزان، بەتایبەت بۆ کچان کە بە داخەوە زۆرێك لە دایك و باوکان رێگە بە کچەکانیان نادەن کە ببنە وەرزشکار، ئەمانە هۆکارن بۆ کەمیی یاریزانی کچ.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- بێگومان خەونی زۆر گەورەم بۆ ژیانی وەرزشیم هەیە و هەوڵ بۆ گەیشتن بە باشترینی هەموو کوردستان و عێراق دەدەم، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم و پشوودانم بە نەفرەت کردووە.

***تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بە بڕوای من باشتر وایە راهێنەر و یاریزانی بیانی لە هیچ یانەیەکی کوردستان نەبێت، ئەو گرنگییەی بە یاریزان و راهێنەری بیانی دەدرێت، ئەگەر بە گەنجان و یاریزانانی کوردستان بدرێت، زۆر باشتر و یاریزانی زۆر سەرکەوتوو و ئاست بەرزیان لێ دروست دەبێت.

***چۆن بوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وەرزشم لە هەموو شتێك زیاتر بوو، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە دوو هۆکار بۆ پەیوەندیکردنم بە یانەی وەرزشیی پێشمەرگەوە هەبوو، یەکەم هاورێیەکی ئازیزم یاریزانی تۆپی پێی پێشمەرگەی سلێمانی بوو، لەبەر خۆشەویستیی زۆرم بۆی منیش دەمویست یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم، کە ئەو یاریی بۆ دەکات، هۆکاری دووەمیش ئەوە بوو کە باوکم ساڵانێکی زۆر یاریزانی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بووە، یانەی پێشمەرگە یانەیەکی پڕ لە رێز و خۆشەویستی و سەرکەوتنە، لەبەر ئەوە چەند ساڵێك لەمەوبەر وەك یاریزانی تۆپی پێ پەیوەندیم بە یانەی وەرزشیی پێشمەرگەوە کرد، ساڵی ٢٠١٧وازم لە یاریی تۆپی پێ هێنا و دەستم بە یاریی باڵە کرد، ئێستاش بەردەوامم لە یاریکردن و لەگەڵ یانەکەم زۆر دڵخۆشم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکاریم لە لایەنی بەرپرسی وەرزشی ئەوەیە کە گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدەن، چونکە وەرزش بەشێکی زۆر گرنگی ژیانە، هاوکات هاوکاریی وەرزشکارانیش بکرێت لە هەموو روویەکەوە، هەروەها پشتگیریی یانەکان بکرێت، چونکە بەرەوپێشچوونی وەرزش هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی وڵاتەکەمان.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- هیوام وایە بتوانم لەگەڵ یانەکەم هەموو کات ئاستی بەرز پێشکەش بکەم و لە سەرکەوتنەکانمان بەردەوام بین.

***ئایا بەهیوای ئەوەیت کە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت؟**

- بێگومان دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستان یەکێکە لە خەونەکانم، بەو هیوایەم رۆژێك خەونەکەم بێتەدی.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم دیمانە وەرزشییە، ئێوە هەموو کات هۆکارێکن بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزش لە کوردستان، زۆر سوپاسی خانەوادەکەشم دەکەم کە لە هەر کارێك کە کردبێتم پشتیان گرتووم و هەموو کات هاندەرم بوون، سوپاسێکی بێ پایانیشم بۆ مامۆستا (کارزان) هەیە، کە وەك راهێنەر هەموو کات لەگەڵم ماندوو بووە و هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوونم دەدات.

# باڵــۆن دۆری ٢٠١٩

## میسی
## باسی بۆچوونێکی
## پێش دوو ساڵی خۆی دەکات

لیۆنێـل میسـی لـە دیمانەیەکـی لەگـەڵ گۆڤـاری فرانـس فووتبـۆڵ دان بـەوەدا دەنێـت دوو سـاڵ لەمەوبـەر پێـی ناخـۆش بـووە کاتێـک کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆ پێنجـەم باڵـۆن دۆری بەدەسـتهێناوە و ریکۆردەکـەی لەگەڵـی هاوتاکردووە، بەڵام دان بەوەشدا دەنێت، کـە دۆن بـە شایستەیی خەڵاتەکـەی بەدەسـتهێناوە.

لیۆنێـل مێسـی لـە دیمانەیەکـی لەگـەڵ گۆڤـاری فرانـس فووتبـۆڵ دەڵێت: دوو سـاڵ لەمەوبـەر کاتێـک کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆ پێنجەم باڵـۆن دۆری بەدەسـتهێنا و ریکۆردەکـەی منـی هاوتاکـردەوە، تۆزێـک پێـم ناخـۆش بـوو، چونکـە پێشـتر بـۆ ماوەیـەک بـە تەنیـا لـە لوتکـەدا بـووم، چونکـە زۆر خـۆش بوو بۆ مـن بەتەنیا پێنج باڵـۆن دۆرم هەبوو، بـەڵام کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆ شایسـتەبوو، چونکـە نازنـاوی خولـی یانـە پاڵەوانەکانـی ئەوروپـای بەدەسـتهێنابوو وەرزێکـی باشـی هەبـوو.

مـن بیـر لـەوە ناکەمـەوە حـەوت خەڵاتـی باڵـۆن دۆر بەدەسـت بهێنـم، مـن زۆر بیـر لـە داهاتـوو ناکەمـەوە تەنیـا بیـر لـە سـبەی دەکەمـەوە بتوانـم لەگـەڵ خێزانەکـەم کاتێکـی خـۆش بەسـەر ببـەم.

هەروەهـا میسـی دەشـڵێت: لەبـارەی هەسـتی ئێسـتای کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆ، کـە دەزانێـت مـن شەشـەم باڵـۆن دۆرم بەدەسـتهێناوە، پێموایـە هەمـوو یاریزانێـک هەمیشـە حـەز دەکات بباتـەوە و سـەربکەوێت و زۆرتریـن نازنـاو و خـەڵات بەدەسـت بهێنێـت، بـەڵام هـەر کەسـێک ئـازادە دەنـگ بـە کامـە یاریـزان دەدات و پێویسـتە رێـز لـە دەنگـی ئـەو کەسـانە بگریـن کـە دەنگـدەدەن.

مێسـی بـەو باڵـۆن دۆرەی بەدەسـتیهێنا بـووە یەکـەم یاریـزان شـەش باڵـۆن دۆر بەدەسـتبهێنێت و ریکـۆردی کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆی شـکاندەوە.



# رۆجێر فێدرێر وێنەی لەسەر دراوی وەڵاتەکەی داندرا

حکوومەتی سویسرا بڕیاریدا وەکو ڕێزلێنانێك لە رۆجێر فێدرێر وێنەی ئەم یاریزانە لەسەر دراوی زیوینی بیست فرەنکی وڵاتەکەی دابنێت.

حکوومەتی سویسرا رایگەیاندووە یەکەمجارە وێنەی کەسایەتیەك لەسەر دراوی وڵاتەکەیان دادەنێن، کە لە ژیاندا بێت، بڕیاریانداوە وێنەی فێدرێر لەسەر دراوی زیوی بیست فرەنکی دابنێن و لە ساڵی داهاتووش وێنەی هەمان کەسایەتی لەسەر دراوی زێڕینی پەنجا فرەنکی دابنێن.

فێدرێر، کە خاوەنی ٢٠ نازناوی تێنسی گراند سەلامە یەکێکە لە سەرکەوتووترین وەرزشوانەکانی سویسرا و بە باڵیۆزی نمونەیی ئەو وڵاتە دادەنرێت.






# ئەکرم عەفیف بووە باشترینی ئاسیا

لە هۆنگ کۆنگ خەڵاتەکانی ساڵانەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەسەر باشترینەکان دابەشکرا، ئەکرەم عەفیف یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر بە باشترین یاریزان دیاریکرا و سۆن هیونگ مینی یاریزانی تۆتێنهام بە باشترین یاریزانی پیشەگەر لە دەرەوەی کیشوەری ئاسیا دەستنیشانکرا.

لە مەراسیمێکدا لە هۆنك کۆنگ بە ئامادەبوونی جۆن ئینفانتینۆی سەرۆکی فیفا خەڵاتەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەسەر باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٩ دابەشکران.

ئەکرەم عەفیف یاریزانی هەڵبژاردەی قەتەر خەڵاتی باشترین یاریزانی ئاسیای لە ئاستی پیاوان پێبەخشرا، کە ئەم یاریزانە بەهۆی بەشداریکردنی لە جامی کەنداو نەیتوانی ئامادەی مەراسیمەکە ببێت، بەڵام چاڤی هێرناندێز بە نوێنەرایەتی یاریزانەکە خەلاتەکەی وەرگرت و دواتریش ئەکرەم عەفیف لە پەیامێکی ڤیدیۆیی دڵخۆشی خۆی بە بردنەوەی خەڵاتەکە دەربڕی، کە ئەم یاریزانە رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە هاوکاریکردنی قەتەر لە بردنەوەی نازناوی جامی ئاسیا و لە یاریی کۆتاییشدا گۆڵێکی تۆمار کرد، لەگەڵ یانەی سەددی قەتەریش گەیشتنە قۆناخی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا.

لە ئاستی خانمانیشدا ساکی کوماگای خانمە یاریزانی ژاپۆنی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئاسیای لە ئاستی خانمان پێبەخشرا، ئەم یاریزانەی یانەی لیۆنی فەرەنسی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەیاندنی هەڵبژاردەی ژاپۆن بە جامی جیهانی خانمان.

خەڵاتی باشترین راهێنەری پیاویش بووە
بەشی چونگ
جونگ یۆنگی
را هێنە ری
هەڵبژاردەی خوار
٢٠ ساڵانی کۆریای باشوور، لەلایەن خۆیەوە ئاساکۆ تاکاکورای ژاپۆنی خەڵاتی باشترین راهێنەری لەسەر ئاستی خانمان بەدەستهێنا کە خۆی لە مەراسیمەکە ئامادەنەبوو.

هەر لەم مەراسیمەدا سۆن هیونگ مینی کۆریای باشوور و یاریزانی تۆتێنهام خەڵاتێکی تایبەتی وەکو باشترین یاریزانی پیشەگەر لە دەرەوەی کیشوەری ئاسیا بەدەستهێنا.



# کێشەی دارایی میران خەسرۆ و یانەکەی لێک جیاکردەوە




تیپی تۆپی پێی یانەی (سەحار)ی وڵاتی عەمان دوای ئەوەی لە دەستپێکی خولی یانەکانی ئەو وڵاتە گرێبەستی فەرمیی لەگەڵ یاریزانی پیشەگەری ناسراوی کوردستان (میران خەسرۆ) مۆر کرد، میران بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ ئەکرەم سەلمانی راهێنەری پێشووی یانەی هەولێر بڕیاری دا ریزی یانەی دایك جێ بهێلێت، کە ماوەیەکی زۆر لە ریزی ئەو یانەیە یاریی کردووە، میران لەگەڵ یانەی سەحاریش لە زۆربەی ئەو یارییانەی کە بەشداری کردووە، ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، بەڵام کێشە داراییەکان رێگەی نەدا یارییەکانی خولەکە لەگەڵ یانەکەی تەواو بکات، لەم بارەشەوە میران خەسرۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «رۆیشتنم لە ریزی یانەی سەحار لە کاتی پیشاندانی باشترین ئاست و ئەنجام بوو، بەڵام خەتای خۆم نەبوو، هەموو لایەك دەزانێ کە من ماوەی سێ مانگ هیچ مووچەیەکم وەرنەگرتبوو، کە یانەیەکەم جێهێشت، یانەکەم بە جیاوازیی یەك خاڵ لەگەڵ یەکەمی ریزبەند لە پلەی دووەم بوو و لە کێبڕکێی بەهێزدا بووین، لە جامی یەکێتییش سەرکەوتوو بووین، خۆشتان دەزانن کە یەکێك دەچێتە ژیانی پێشەگەری پێویستی بەتوانای دارایی و مووچە دەبێت.» میران لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «یانەکانی عەمان کێشەی داراییان هەیە، بەڵام ئەوان بەڵێنی ئەوەیان بەمن دابوو کە شایستە داراییەکانم پێ بدەن، هەرچەندە زۆریش چاوەڕوانم کرد، ئیتر نەمتوانی تا سەر چاوەڕێ بم، لەبەر نەبوونی پارە و جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانیان بڕیاری جێهێشتنی ئەو یانەیەم دا.» لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش گوتی: «پێشنیاری گرێبەستم هەیە لە یانەکانی دەرەوەی کوردستان، بەڵام تاکو ئێستا وەك گرێبەستی یانەی دایکیش بە فەرمی هیچ شتێکم لە دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێرەوە پێ نەگەیشتووە، تەنیا پەیجەکانن لە شۆشیاڵ میدیا کە بە ناوی منەوە شت دەنووسن، کاتی خۆیشی کە من ریزی یانەی هەولێرم جێهێشت، کێشەم راهێنەر بوو، ئێستاش راهێنەر نەماوە، منیش لە ئێستادا هیچ بڕیارێکم نەداوە و هەر گرێبەستێکم بۆ بێت لە هەر یانەیەك بێت، دیراسەیەکی باشی دەکەم، ئەوکات بڕیاری خۆم دەدەم.» جێگای سەرنجە میران خەسرۆ یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق و لە چەندین یانەی عێراقی و کوردستانی یاریی کردووە و خاوەن ئاستێکی بەرزە، لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و عێراقیش یاریی کردووە.





# یانەی هەڵەبجە خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی فوتساڵی یانەی هەڵەبجە وەرزی رابردوو نەیتوانی ئەنجامێکی شایستە لە خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەربکات، بۆیە ئەم وەرزە کارگێڕانی یانەکە پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن و کێبڕکێ یانەکانی تر بکەن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە و یانەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانای یانەکانی تری کوردستان کردوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامەکانی ئەمساڵی جیاواز بێت لەگەڵ ساڵانی رابردوو شەڕی کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانەکانی تر بکات، کارگێڕی یانەکەش بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان(بێریڤان جەلال،نوها کرمانج و داستان عەلی، ئیمان بارزان، سندوس مەعروف، نیان وەلی،سۆزکازم، هەنار وەلی، هەتاو مەحمود، سۆنیا کەریم)، کارگێڕی یانەی هەڵەبجەی شەهید لە درێژەی گرنگیدانەکانی بە سەرجەم تیپەکان ئەمساڵیش دەیەوێ تیپی فوتساڵ یەکێك بێت لە تیپە هەرە بەهێزەکانی کوردستان.



# یانەی ئاسۆ چاوی لە گەڕانەوەیە بۆ خولە گەورەکە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی ئاسۆ ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان چاوی لەوەیە کە بتوانێ جارێکی دیکە یانەکە بگەڕێتەوە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کارگێڕانی یانەکە متمانەی تەواویان هەیە کە ئەمساڵ جیاوازتر خۆیان ئامادە کردووە و دەیانەوێ یەکێك بن لە تیپە بەهێزەکانی ئەم وەرزی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەرچەندە لە یەکەم یارییشدا لە خولەکە یانەکە تەنیا خاڵێکی بەدەستهێنا، بەڵام ئومێدی زۆریان هەیە کە یانەکە بتوانێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، لەبارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش بۆ ئەم خولە حازم کازم سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئاسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی پلە یەکی ئەمساڵ بەهێزترە، ئەوەش دیارە کە تیپەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە ململانێی زیاتر دەکەن»، لەبارەی گەڕانەوەی یانەکە بۆ ریزی یانە گەورەکانی کوردستان سەرۆکی یانەکە گوتی: «بێگومان بەرنامەمان هەیە کە سەرکەوین بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، هەر بۆیە ئەمساڵ بۆ ئەم خولە پێنج یاریزانمان هێناوەتە ریزی یانەکە و تیپێکی باشتر و تۆکمەترمان دروست کردووە بۆ ئەم وەرز، راستە درەنگ دەستمان پێ کرد، بەڵام هەر چاومان لە گەڕانەوەیە بۆ خولی نایاب»، لەبارەی گرفتە داراییەکانیش سەرۆکی یانەی ئاسۆ گوتی: «کێشەی دارایی لە هەمووشتێ زەحمەتترە، لە ڕێگای کەسێکەوە یاریگامان لە ژێر نۆژەنکردنەوەدایە، بۆیە مەشق و یارییەکانمان لە یاریگای خۆمان نابێت، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین لە خولەکە باشترین ئاست و ئەنجام پێشکەش بکەین.»